# له ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر بایەکگرین

عەلی مەحمود محمد

کەمپینەکەو کەمپینی ئەنفال وهەڵەبجە بەبێ دایك و باوك لە دایك بوو، تاببێت بەچەترێك بۆ یەکخستنی هەوڵی دڵسۆزانی گەلەکەمان لەپێناو ڕسوا کردنی ئەو تاوانانەو تاوانبارکردنی بکەرەکانی دیارەهەنگاوەکانی تائێستای ڕەنگدانەوەی لە بواری ڕاگەیانندناو کۆبونەوەکانی لە پاڵتاك دا بوە هۆی ئەوەی تەواوی دەستەو گروپەکان لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوە بێدار بکاتەوە و ئەوانیش خۆ ئامادەکەن بۆ یادکردنەوەی ئەم یادەوەریانە کە ئەم ساڵ جدی تر بووە. دروشمەکانی لەدادگایی بکەرەکانی خۆی دەبینێتەوە.

دیارە نامەی مامۆستا (عیصمەت شریف وانلی)و بانگەوازی ١٢ نوسەرو سیاسەتمەداری گەلەکەشمان ئاوی جۆگەلەی کەمپینەکەی بەهێزترو مەزنتر کردو باڵایان بەخۆپیشاندانەکەی کۆپنهاگن کرد. شەرعیەتی جەماوەری زیاتریان بە داخوازیەکانی کەمپینەکە بەخشی، کە لەملاو لەو لاوە هەنگاو دەنرا بۆ بن کەوڵ کردن وداتەپاندنی. خۆزگە کاروانی دیکەی لەم چەشنە بۆ پشتگیری لەو خۆپیشاندانە لە لایەن نوسەران و سیاسی و جەماوەری گەلەکەمان بەڕێ دەخرێ، تاببێتە دەریایەکی وامەزن و ئێمەش تەنها دڵۆپێك بین لەو دەریا مەزنە، کەمپین بۆ جۆشدان و یەکخستن وڕادیکاڵەکردنی داخوازییەکان دروست بووە. ژێر جەمانەکەی عومەر خاوەریش بارەگای سەرەکییەکەیەتی، ئەو بارەگایەش ئەوەندە مەزنە جێگەی نەك هەموو کوردمرۆڤایەتیشی لەژێردا دەبێتەوە.

ژێر ئەم جامانەیەش تەنها، جێگەی سەنگەری دوژمنانی گەلەکەمان و تاوانبارانی ڕەنگاو ڕەنگی تێدا نابێتەوە. جێگەی هەڵڕشتنی قین و دژایەتی بۆ هیچ حزب و گروپ و کەساییەتیەکی دڵسۆزی ئەم گەلەی تێدا نابێتەوە.

ئەگەر ئەم بەڕێزانە ویستویانە لە ڕێگەی بانگەوازەکەیانەوە، جەماوەر لە کۆپنهاگن ساردکەنەوە وەك خەڵکانی دیکە دەیکەن ئەوا دیسانەوە دەکرێت بەزمانێکی شارستانیانەو گفتوگۆ لە گەڵیان بدوێن.

بەداخەوە ئەوە کاری کاك سەلام نەبوو دەست بۆ ئەو شێوازە نووسینە بەرێت کە پاشتر هەلەکە لە لایەن کەسانێکەوە قۆسترایەوە، تاکوندەی قینەکانیان بەبەرێز ( حەمەسەعید حەسەن ) و ئەو کەڵە نوسەرانەی گەلەکەمان هەڵڕێژن. ئیتر نازانم ئەو ماڵپەرە چۆن ڕێگەی بەخۆی دا ئەم کارە ڕاپەڕێنێ. دوو کەس کە گوایە دوو چالاك و هەڵسوڕێنەری کەمپینن، لە دوو توێ ی بەناو دوو وتاردا کۆمەڵێك جنێویان چنیوەتەوە و لەو ڕێگەیەوە هێرشیان کردۆتە سەر کاك (حەمەسەعیدحەسەن) و ئەو کەڵە شاعیرو نووسەرو سیاسیانەی گەلەکەمان. دیارە(حەمەسەعیدحەسەن) نووسەرێکی دەست نەپارێزە، لەڕێگەی ساتیرەکانییەوە حیزب و ڕێکخراو نەماوە زلەی نووسینی ئەمی بەر نەکەوتبێ، بۆیە زۆر ناوەندو کەس بە ئاشکرا، یان لە دڵەوە دژایەتی دەکەن. ئێستاش سەلام ئەم دەرگایە دەخاتە سەرپشت، هەلێکی ڕەخساند بۆ دژایەتی کردنی هێژا حەمەسەعید، بەلاّم ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر، کە هێژا حەمەسەعید هاوشاری وهاوبیرو هاوڕێ و کەس و دڵسۆزیەتی دەکرێت ڕێگە بدەین بکرێتە ئەو سەنگەرە؟ من ئەگەر خوێنەواریم هەبێت ئەو دوو نوسەرە کە ناوی( ئا. . . ع) و(ئا. . . . ڕ) یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە هەر یەك کەسن وبەیەك قەڵەم و یەك زمان بەلاّم بە دوو ناوەوە بابەتەکەیان نووسیوە. کە لە بەشێك لە نووسینەکانیان دەستەواژەی هەڵەشیان بۆ سەلام بەکار هێناوە، کە ئەمەش نیشانەی نەخوێندەواری ئەو برا زۆر بەڕێزەیە. بۆ نموونە (ئا) بە هەڵە دەستەواژەی سەربازی دەست و پێ سپی بۆ سەلام بەکاردێنێ. کە ئەمەش بەکەسی بێ دەسەلأت دەوترێت. لەکاتێکدا سەلام بەتەواوی پێچەوانەی ئەمەیە. هەروەها دەنووسێت دەبوایە سەلامی لە ڕیزی نووسەران دیاری بکردایە. بەلاّم ئایا ڕەخنەی سەلام ئەوەیە ناوی دیاری نەکراوە، یاخود ئەوان لە بانگەوازەکەدا ناوی کەمپینیان نەهێناوە.

هەروەها دەنووسێت حەمەسەعید بەم کارە بەرەڵایانەی کاك سەلامی لەکار خست. من سەرم لەم ڕستەیە دەرناچێت و باخوێنەر وەلامی بداتەوە. ئەم کودەتایە چی بووە حەمەسەعید کردویەتی.

لە پەڕەگرافێکیکەدا دەلێت :ماف خۆمانە داوای ماف زەوت لێکراوی خۆمانی لێ بکەین. دیارە ئێمە ئاگامان لێ نییە کە هێژا (حەمەسەعید حەسەن) عەلی حەسەن مەجیدە و خۆی شاردۆتەوە لەڕەنگێکی کەدا دەرکەوتوە. هەرچی( ئا. . . . ڕ) دەنووسێت، (دەیانەوێت خۆیان لە ئێمە بکەنە ئاغاو کوێخاو، ڕاوەستن خۆتان دەست بکێشنەوە دەنا بەدەردی کوێخاکەی چەمچەماڵ دەبرێن!)

بەڵام ئەو برادەرە ئایا دەزانێت جەماوەری چەمچەماڵ لە نێوان ئەو وئەو دوانزە کەلە ٚ نووسەرەکامیان هەڵدەبژێرێت؟

لە کۆتایدا بەو بەڕێزەی کە بەدووناوی جیاواز و بەماڵپەڕەکەو کاك سەلامیش دەلێم، ئەم کردارانە لە خزمەت کێشەی ڕەوای ئەنفال و هەڵەبجە نییە. کاردانەوەکانتان نێگەتیفە و ئێش و ئازاری کەس وکاری قوربانییەکان دەدات، ئەوان هەوڵ وتێکۆشانی هاوبەشیان لێمان دەوێت، تکایە ماڵپەڕو قەڵەمەکانتان با لە پێناو یەکخستنی چالاکیەکان و جۆشدانی بێت

٢٠٠٢|٢|٢٣